
ئاڵەکۆک
ویژه نامه ـ ساڵنامه سپاباد
بەفرانباری ١٣٨٤ی هەتاوی (١٠)

# "گریانی ئامانج"

کاوە شەمسی ـ بۆکان

ئەوین کچێکی جوان و بچووکە و ئەمساڵ لە پۆلی یەکەمی سەرەتایی دەرس دەخوێنێ. هەموو ڕۆژێ کە لە مەکتەب دێتەوە کەمێک خۆی دەحەسێنێتەوە و دوایی خەریکی دەرسەکانی دەبێ و هەرچی نەیزانی لە دایکی دەپرسێ.

دایکی "ئەوین" وەڵامی هەموو پرسیارەکانی ئەوین دەداتەوە. ئەوین کەدەرسەکانی تەواو بوو، کتێبەکانی کۆ دەکاتەوە و دەچێ ئاگای لە "ئامانجی" برای دەبێ تا دایکی بە کارەکانی ماڵێ ڕابگا. ئاخۆ ئامانج ساوایە. "ئەوین"یش، ئامانجی زۆر خۆشدەوێ و پێی خۆش نیە بەدوای دایکیدا بگری، بۆیە هەرچی ئامانج داوا بکا ئەوین دەیداتێ. ڕۆژێک ئەوین لە مەکتەب دێتەوە لە دووکانی هاوسێیان کەمێک تۆو گوڵەبەرۆژە دەکڕی و دەیباتەوە بۆ ماڵ، دوای ئەوەی کە ئەوین خۆی حەساندەوە و دەرسەکانی بۆ سبەینێ حازر کرد، دایکی "ئامانجی" بە ئەو سپارد و گوتی: "ئەوین گیان ئاگات لە ئامانج بێ تا لە بازاڕ دێمەوە. ئەوین زۆری پێخۆش بوو گوتی: "بەڵێ باشە دایە گیان، بەڵام کەمێک زوو، وەرەوە. ئەوین دەستی کرد بە کایە کردن لەگەڵ ئامانج. دایکی ئەوین درەنگ هاتەوە و ئامانجیش لە کایە کردن ماندوو ببوو، بۆ دایکی دەگریا. ئەوین بۆ ئەوەی کە ئامانج ژیر بکاتەوە، تۆوەکەی هێنا و لەبەر دەستی ئامانجی دانا تا بە خواردنی ژیر بێتەوە. ئامانج کەمێکی دەست لە تۆوەکە وەردا و دوایی دەنکێکی لە زاری نا بەڵام توێکڵی تۆوەکە پەڕیە نێو گەرووی ئامانج و دەستی کرد بە کۆخین، لەو کاتەدا دایکی ئەوین هاتەوە و هەرکە تۆوەکەی دی زوو زانی چ بووە، خێرا توێکڵە تۆوەکەی لە گەرووی ئامانج دەرهێنا و ئامانج دەستی کرد بە گریان. دایکی ئەوین، ئامانجی ژیر کردەوە و بە ئەوینی گوت: "ئەوین گیان ئامانج هێشتا ساوایە و نازانێ تۆو بترووکێنێ نابێ تۆوی بدەیە.



ئەوینیش کە دیتی ئامانج ژیر بۆتەوە زۆری پێخۆش بوو، گوتی: بەڵێ باش، تازە تۆوی نادەمێ.



هەواڵنامەی کتێب

ئاڵەکۆک



خاوەن ئیمتیاز و موسەر مەسئوول: ئەحمەد بەحری
دەستەی نووسەران: فەرەیدوون حەکیمزادە
یوسف فازلی
بەدرەدین سالح
تەرراحی روو بەرگ: شیوەن حەسەن پوور
تایپ و ڕازاندنەوە
سروە بەحری

تلفکس: ٠٠٩٨_٤٤٢_٢٢٢١٤٣٥
مۆبایل: ٠٩١٤٤٤٢١٢٠٨
E.mail alakok_mag @ yahoo.com

# "گریانی ئامانج"

کاوە شەمسی ـ بۆکان

ئەوین کچێکی جوان و بچووکە و ئەمساڵ لە پۆلی یەکەمی سەرەتایی دەرس دەخوێنێ. هەموو ڕۆژێ کە لە مەکتەب دێتەوە کەمێک خۆی دەحەسێنێتەوە و دوایی خەریکی دەرسەکانی دەبێ و هەرچی نەیزانی لە دایکی دەپرسێ.


دایکی "ئەوین" وەڵامی هەموو پرسیارەکانی ئەوین دەداتەوە، ئەوین کەدەرسەکانی تەواو بوو، کتێبەکانی کۆ دەکاتەوە و دەچێ ئاگای لە "ئامانجی" برای دەبێ تا دایکی بە کارەکانی ماڵێ ڕابگا. ئاخۆ ئامانج ساوایە. "ئەوین"یش، ئامانجی زۆر خۆشدەوێ و پێیخۆش نیە بەدوای دایکیدا بگری، بۆیە هەرچی ئامانج داوا بکا ئەوین دەیداتێ. ڕۆژێک ئەوین لە مەکتەب



دێتەوە لە دووکانی هاوسێیان کەمێک توو گوڵەبەڕۆژە دەکڕێ و دەیباتەوە بۆ ماڵ، دوای ئەوەی کە ئەوین خۆی حەساندەوە و دەرسەکانی بۆ سبەینێ حازر کرد، دایکی "ئامانجی" بە ئەو سپارد و گوتی: "ئەوین گیان ئاگات لە ئامانج بێ تا لە بازار دێمەوە. ئەوین زۆری پێخۆش بوو گوتی: "بەڵێ باشە دایە گیان، بەڵام کەمێک زوو، وەرەوە. ئەوین دەستی کرد بە کایە کردن لەگەڵ ئامانج. دایکی ئەوین درەنگ هاتەوە و ئامانجیش لە کایە کردن ماندوو ببوو، بۆ دایکی دەگریا. ئەوین بۆ ئەوەی کە ئامانج ژێر بکاتەوە، تووەکەی هێنا و لەبەر دەستی ئامانجی دانا تا بە خواردنی ژێر بێتەوە. ئامانج کەمێکی دەست لە تووەکە وەردا و دوایی دەنکێکی لە زاری نا بەڵام توێکڵی تووەکە بەربە نێو گەرووی ئامانج و دەستی کرد بە کۆخین. لەو کاتەدا دایکی ئەوین هاتەوە و هەرکە تووەکەی دی زوو زانی چ بووە، خێرا توێکڵە تووەکەی لە گەرووی ئامانج دەرهێنا و ئامانج دەستی کرد بە گریان. دایکی ئەوین، ئامانجی ژێر کردەوە و بە ئەوینی گوت: "ئەوین گیان ئامانج هێشتا ساوایە و نازانێ توو بترووکێنێ نابێ تووی بدەیەی.

ئەوینیش کە دیتی ئامانج ژێر بۆتەوە زۆری پێخۆش بوو، گوتی: بەڵێ باش، تازە تووی نادەمێ.







هەواڵنامەی کتێب



## پایز

ئەمین گەردیگلانی ـ بۆکان

کاتێ هاوین بەسەر دەچێ
پایز جێگای دەگرێتەوە
بای سر دێت و ڕەنگی سەوزی
دارستان کاڵ دەبێتەوە

پایز دەفتەرێکی زەردە
دارستان لاپەڕەکانی
دەڕازێتەوە بە گەڵای
زەرد و سوور و ئەرخەوانی

لە پڕ گێژەڵووکەیەک دێ
سەر لە وڵات دەشێوێنێ
وەکوو منداڵێکی لاسار
دەفتەرەکە دەدڕێنێ

هەور ئاسمان دادەپۆشێ
بە تووڕەیی دەگرمێنێ
بارانە دادەبارێت و
لاپەڕەکان دەخووسێنێ

بەفر قەڵەمسڕی سپی
بە دەستەوە دەگرێتەوە
زەردی و ڕەشایی سەر پەڕەی
دەفتەرەکە دەسڕێتەوە

ئەرخەوانی: ڕەنگی سووری مەیلەو بنەوش (ارغوانی)
لاسار: منداڵی بەهانەگیر و گوێ نەبیس (لجباز)
قەڵەمسڕ: میدادپاکون



## ڕووناهی

عومەر مەعرووفی ـ مەرگەوەڕ


هۆ ئەستێرکا عەسمانێ
هۆ شیرینێ، جوانێ

کە نیاتە زۆر شیرینە
هەمیشە هەر بخوینە

بخوینە بۆ زارۆکا
ب سەر هاتێن دیرۆکا

ڕووناهیێ بنێرە
تاریکیێ وەشێرە

چەن خۆشە ڕەشیا شەوێ
ب ستێرکەکی لێ بڕەوێ



## کەوش

سولەیمان شەریفی ـ بۆکان

کەوشی تازەم کڕیوە
ڕێگام پێ نەبڕیوە
لە پێی ناکەم بۆ کۆڵان
بۆ کایەی خاک و خۆڵان
بۆ شایی و بۆ میوانی
لە پێی دەکەم بە جوانی

# ڕۆژمێر چلۆن ساز کرا؟

مام بەختیار ـ مەهاباد




مرۆڤ لە سەرەتای فێربوونی کشتوکاڵ هەوڵی دەدا وەرزەکانی ساڵ لێک کاتەوە. بۆ بە فیڕۆ نەچوونی ڕەنجی، تا بزانی کەنگێ وەرزی داچاندنە، کەنگێ کاتی هەڵگرتنەوەیە.

شەش هەزار ساڵ بەرلە ئێستا، خەڵکی وڵاتی میسر یەکەم ڕۆژمێریان دارشت. بە وڵاتی میسردا، چۆمێک تێپەڕ دەبێت بە ناوی "نیل". ئەم ڕووبارە هەموو ساڵێ جارێک بە سێڵاو و لافاوێکی مەزن سەرەتای ساڵی تازەی ڕادەگەیاند. وەرزێرەکان دەبوایە دەست ڕاگرن هەتا ئەم ڕووداوە سروشتیە کۆتایی پێ بێت، ئینجا خۆ بە کارەوە ماندوو بکەن.

زانا و بیرمەندی ئەم وڵاتە، سەرنجیان دا لە دوای ١٢ جار هەڵاتن و ئاوا بوونی مانگ لە ئاسمان، هەڵچوونی زەریا نوێ دەبێتەوە؛ گوتیان ساڵێک ١٢ مانگە.

دوای تێپەڕ بوونی ساڵانێکی زۆر، بە سەرنج و لێ وردبوونەوەی زیاتر، هەروەها نیشانە کردنی چەند ئەستێرەیەک، تێگەیشتن ساڵ ٣٦٥ ڕۆژە. دوای ماوەی چەن هەزار ساڵ، شارستانیەت لە یونان سەری هەڵدا و گەشەی سەند. زانا و بلیمەتەکانی پشت ئەستوور بە ئەندێشەی پێشینیان، زیاتریان خۆیێوە ماندوو کرد. لە ئەنجامدا تێگەیشتن ساڵێک (٤/١ـ٣٦٥) ڕۆژە. کە بە هەر چوار ساڵان ئەم لەتکانە دەکەونە سەر یەک، ساڵ ٣٦٦ ڕۆژ دێتەوە. بەم ساڵە تایبەتییانە دەگوترێ ساڵی "کەبیسە". لەو کاتەوە تا ئێمڕۆ لە زۆربەی وڵاتان ڕۆژمێر بە هەتاو پێوانە دەکرێ و لە هێندێک وڵاتیش بە مانگ.

## چەند پرسیار

١ـ بۆ زستانان ئاوی کانی گەرمە و هاوینان ساردە؟

٢ـ بۆچی ماسی لە دەرەوەی ئاو ناژی؟

٣ـ بۆچی ماسییەکان زستانان لە گۆماودا (قوڵترین جێگای چۆم) دەژین؟



# میوە

جەعفەر هەمزەقورمیش ـ بۆکان



خۆراکێکی ڕەنگینم — ترشم، مزرم، شیرینم
جا سێوم یانە هەرمێ — کرۆسکم یاکوو بەهێ
دارم وا بەری گرتۆ — لق و پۆپی داخستۆ
ڕیشەم لە نێو عەرزیە — چی باشی ئەم زەویە
هەڵیدەمژم لەگەڵ ئاو — بە یاری تینی هەتاو
دەپشکوێم و بەر دێنم — دیاری خۆشو بۆ دێنم
کە ویستان میوەم بخۆن — زۆر جوان وخاوێن بیشۆن
بە زستان و بە هاوین — بە لەش دەدەم گوڕوتین
دژی زام و نەخۆشیم — بابەتی کەیف و خۆشیم
برین زوو ساڕێژ دەکەم — هێزو تواناو پێ دەدەم

## خۆشەویستانم ئەو وێنەیە ڕەنگ بکەن





هەواڵنامەی کتێب


# فێر بوونی زمان

منالەکان لەم شێعرەی خوارەوەدا نیشانەی"٧" کەمە. خۆتان بۆی دابنێن.

وەرنە ناو رەنگی جوداوە
لە گفت و گوی رەنگەکان دا
فەزای مانا بەرینترو، باڵندەی رەنگ جوانتر ئەفری
لە گفت و گوی رەنگەکان دا
قوزاخەکان ئەکرینەوە رەنگی گەورە و
رەنگی بچووک لە سەریەک میز کو ئەبنەوە
چاویان بە رەنگدانی یەک و
رەنگی گەش و رەنگی سیس و خەوشی یەک و
پەلەی یەک و ئەودیو رەنگەکان ئەکەوی.
لە گفتوگوی رەنگەکان دا ئازادی دی گوی ئەگریت و
رەنگی دەنگیش، بی دەمامەک دەرئەکەوی. (شێرکۆ بێکەس)








**لە ڕاستەوە:**

١ـ باڵندە هەیەتی.
٢ـ ئاسۆی بێ پیتێک.
٣ـ دوای زوڵم دێ.

**لە سەرڕا:**

١ـ ناوی باڵندەیەکە.
٢ـ دیسان دووی لە ڕاستەوە.
٣ـ ناوی تایفەیەکی کوردە.

بەرەندەی جەدوەلی ژمارە ٨ ئاڵەکۆک ـ ئاڵا گوڵ محەممەدی ـ بۆکان
بەرەندەی جەدوەلی ژمارە ٩ ئاڵەکۆک ـ ئومید سادقی١١ ساڵە ـ بۆکان
بەرەندەی چیرۆکێک بە خەڵاتەوە ژمارە ٨ ئاڵەکۆک ـ کۆمار گوڵ محەممەدی ـ بۆکان
بەرەندەی بەشی (ئەگەر زانیتان) ژمارە ٩ ئاڵەکوک ـ ئومید سادقی ١١ ساڵە ـ بۆکان

**تەیارەی بەردی**

محەممەد شەریف محەممەدی ـ بانە

دروستـم کـرد لە هـەردی
تـەیارەیـەک لـە بـەردی
چون پێم خۆشە ماڵی خۆم
حـەزنـاکەم بۆ دوور برۆم

**STONE AIRPLANE**

I made an airplane out of stone…
I always did like staying home.



هەواڵنامەی کتێب



## دەردی دڵی ماسی و خۆرەتاو

ئیسماعیل قادرزادە ١٠ ساڵە ـ سەردەشت



لە ڕووبارێک کە ماسی گەورە و بچووکی تێدا دەژیا ماسییەکی گەورە و وریای تێدابوو، بەیانییەک کە خۆر بە گەرما و تینی خۆی ئاوی ڕووبارەکەی گەرم کردبوو، ماسییە وریاکە بە هێزێکی زۆرەوە لە ناو دەردەپەڕێ و ڕوو لە هەتاو لێی دەپرسێ: ئەی هەتاو لە کتێبدا خوێندوومەتەوە دەڵێن: ماسییە گەورەکان ماسییە بچووکەکان دەخۆن، بەڵام زۆرم پێ سەیرە ئەو مرۆڤانە بۆ خۆیان مافی یەکتر ڕاناگرن و لە کتێبەکان دا غەیبەتی ئێمە دەکەن!


هەتاو زەردەخەنەیەکی دێتێ و بە ماسییەکە دەڵێ: "خەفەت مەخۆ ئاقیبەتی هەر زاڵمێ زەواڵێکە. دوایی ماسییەکە دەگەڕێتەوە نێو قووڵایی ڕووبارەکە.

## مانگا هەتا نەمرێ بە دۆ نابێ

پیرێژنێک مانگایەکی دەبێ قەشان و جوان، زەنگوولەیەکی زەردی وەک ئاڵتوونی بە ملیەوە هەڵاوەسیبوو. مانگاکە کاتێ ئێواران لە کاڕان دەگەڕایەوە و دەنگی زەنگوولەکەی دەهات، مانگا دراوسێکانی پیرێژن دەیانگووت: "هاتەوە مانگا قەشان و جوان و بە بەرەکەتی پیرێژن. شیری زۆرە و دەیکا بە دۆ و ماست و شیرێژ و ڕۆن.

دراوسێکان هەستیان بە بەرهەمی ئەو مانگایەی کردبوو، ئاواتیان دەخواست مانگایەکی بەم جۆرەیان هەبێ. بەڵام پیرێژن ناشوکر بوو هیچ کات باسی قازانج و بەرهەمی ئەو مانگایەی نەدەکرد! دوای ماوەیەک مانگا قەشان نەخۆش دەبێ و دەمرێ. پیرێژن لەبەر دەرگای ماڵیان شین دەگێڕێ:


مانگا جوان و قەشانم مرد،
مانگا بە کەڵک و شیر پڕ
گوانم مرد،
مانگا دۆ زۆرەکەم مرد،
قەدرم نەزانی مانگا مرد،



لە قەدیمەوە گووتوویانە:
"مانگا هەتا نەمرێ بە دۆ
نابێ!"



هەواڵنامەی کتێب



ژمارەکان بگەیەنەوە یەک (١ تا ٧٥)

### ئەمن چم؟

فریا قازی‌نیا ـ مەهاباد

گوڵێکی گەڵێک جوانم
گەڵام سەوزە و زۆر پانم
ریشەم لە تەرکی عەرزە
لاسکم درێژ و بەرزە
گوڵ و گەڵام لەسەر ئاو
جوانیم خستوتە شەتاو
گوڵم زەرد و سوورەتی
یەکجار زۆرە قیمەتی
لە مرداو و لە تاڵاو
دەمبینی تۆ لە سەر ئاو
زەرحمەت نەبێ ئەمن چم
وا من ناوی، زۆر کچم





# ئاڕەشی کەوانڎێر*

گێڕانەوەی: مێهرداد ڕامیدی نیا ـ مەهاباد




لە ڕۆژگارانی کۆن دا پاشایەک لە ئێراندا دەژیا، ناوی مەنووچێرشا بوو. مەنووچێرشا گەلێک سەربازی ئازا و پیاوی شەڕکەر و دلێری هەبوو. ئارەشی قارەمان یەکێک لەو کەوانڎێر و پیاوە دلێر و ئازایانەی ئەو بوو. ڕۆژێک هەواڵیان هێنا کە ئەفراسیاب شای وڵاتی توران هێرشی کردۆتە سەر ئێران. لەشکری مەنووچێرشا خۆی بۆ شەڕ حازر کرد. بەڵام چۆن سوپای ئەفراسیاب زۆر بەهێز بوون دوای شەڕێکی قورس لەشکری ئێران شکستی خوارد و مەنووچێرشا هەڵات و ڕووی کردە وڵاتی مازەندەران. دوای چەند ڕۆژ هەر دوولا بڕیاریان دا ئاشت ببنەوە. بەڵام لەسەر سنووری نێوان دووکیشوەر کێشە پەیدا بوو. ئەفراسیاب گوتی: با یەکێک لە سەربازەکانی ئێوە تیرێک بهاوێژێ، ئەو تیرە لە هەر جێیەک بکەوێ ئەو شوێنە سنووری ئێوە بێ. ئەو بەلای خۆیەوە بیری کردبۆوە کە مەگەر تیرێک تا کوێ دەڕوا؟ لە دوای ئارەشی قارەمانیان نارد و ئاگاداریان کرد. ئاڕەش کەوانە مەزن و قایمەکەی خۆی دەست دایە و بەیانی زوو چووە سەر کێوی ئەلبورز و لەسەر دوندی دەماوەند ڕاوەستا. ماوەیەک لەبەر خودا پاڕاوە، تیرێکی خستە نێو کەوانەکەی و بە تەواوی هێز و تاقەتەوە کێشای و... بەڕەڵلای کرد. تیرەکە بە بەرزایی دارستان و چۆمەکان دا تێپەڕی، چەند سواریش وێڕای ئەفراسیاب و مەنووچێرشا بە دووی تیرەکەوە بوون. تیرەکەی ئاڕەشی قارەمان هەروا دەڕۆیشت و نەدەکەوتە سەرزەوی، سوارەکان شەکەت و ماندوو بوون. نیوەڕۆ داهات تووشی چۆمێکی گەورە بوون. ئەفراسیاب گوتی: ئەرێ ناوی ئەم چۆمە چیە؟ گوتیان ئەوە چۆمی جەیحوونە. تیرەکەی ئاڕەش لەنێو ئاوە ڕوون و شینەکانی چۆمی جەیحوون دا نیشتەوە. دوای نیشتنەوەی تیرەکە؛ مەنووچێرشا و ئەفراسیاب بڕیاریان دا کە لەمە بەدوا ئەو چۆمە ببێتە سنووری نێوان کێشوەرەکانیان. بە دوای ئەوەدا مەنووچێرشا و سەربازەکانی بە کەیف و شادمانی بەرەو قەڵای دەماوەند گەڕانەوە. لەسەر کێوەکە ئاڕەشی قارەمانیان بینی کە بە ئازایەتی وێستاوە و بزەیەکی شیرین لەسەر لێوی نەخشاوە.


ئاڕەش چاوی بڕیوەتە ئاسمانی شین، بەڵام هەناسەی لێبڕاوە...

*(چیرۆکی شانامە)

ساڵی نەوەڵ، ژمارە ۱۰، ۱۳۸۴








یارمەتی کەڵەشێرەکە بدە بۆ دۆزینەوەی مریشک و جووجکەکان


........................................................................

چیرۆکی زستان بگێڕەوە. بڵێ کەروێشک و مشکەکوێرە لە زستاندا چ دەکەن.





هەواڵنامەی کتێب





# ددان ئێشه

ئارین کەریمی (٨ ساڵە) ـ مەهاباد

مشکە بچکۆل دەیویست بەستنی بخوا. باوکی دەیزانی مشکە بچکۆل شیرینی بخوا ددانی وەئێش دەکەوێ. پێی گوت: کورم بەستەنی باش نیه. مشکە بچکۆل وڵامی نەداوە ددانی وە ئێش کەوت. دایکی گوتی:
مشکە چکۆلە وەرە دەی
با بچینە دوکتۆری ددان.
مشکە چکۆلە گوتی: "نا" ئەمن دەترسم.
دایکی گوتی: نا گوڵەکەم مەترسێ.
مشکەچکۆلە قەبووڵی کرد و گوتی:
بابە ئەمن دەچم بۆ لای دوکتۆری ددان.
دایک و بابی پێکەوە خودا حافیزیان کرد.



ناوی ئەم وێنانە به زمانی کوردی بنووسه و هەر کامیان کە به پیتی (ک) دەست پێدەکا رەنگی بکه



# منالان جوانترین بەرهەمی ژیانن

باغچەی منالآنی «شکوفەهای زندگی» لە خزمەتی منالآنی بیواندەرە دایە

